# بۆچی یەکێتی لە هەلبژاردن دەترسێ ؟!

حیکمەت خانەقینی

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، وەك لایەنێکی سیاسی کوردستان مەحکوومە بە کۆمەلێك هاوکێشە و فاکتەرگەلی وەهاوە ، کە نەك هەر ناتوانێ خۆی لێ لابدات ، بەلکو رۆژانە بە سیاسەت و هەلۆیست و تێروانینەکانیەوە دیارە .

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ( ی.ن.ك )، هێزێکە هەمیشە لە تەنگژەیەکی فیکری سیاسی وەهادا دەژیت ، کە کەم لێکۆلەر و شیکەرەوەی سیاسی کوردستان هەیە ، بتوانێ بە ئاسانی هێلێکی راست و رەوانی فیکری ، سیاسی ، ئایدۆلۆژی ئەم حیزبە دیاری بکات . جگە لەوانەش لە کایەی سیاسەت کردن و ئەزموونکردنی هەلس و کەوتی سیاسیدا ، بۆ هەر هێزێك ، کۆمەلێك خالی نەگۆر و گۆردراو هەن ، بەلام ئەوەی ( ی.ن.ك ) لە هێزە دیارەکانی ناوچەکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لە ئاستی پرسە نەتەوەییەکان ، لە ئاست پرسەکانی دیموکراتیزەکردنی کۆمەلگا و هەنگاو بەرە و ئەستورترکردنی باسکی بزاڤی مەدەنیەت و هەنگاو بەرەو دیموکراتیزە کردنی ناوخۆی حیزبی ، هیچ خالێکی دیار و بەرچاوی نەك هەر نیە بەلکو ، لە ئاستی ئەم چەند خالەدا، هەنگاوگەلی زۆر جیاواز دەنێ . ( ی.ن.ك ) ، چۆن وەلامگۆی هەزاران هەزار خێزانی شەهیدان دەبێت ، کەبە ئومێدی کوردایەتی و خەبات کردن بۆ وەدیهێنانی مافە دیموکراتی و مەدەنیەکان ، رۆلەکانیان بە ( ی.ن.ك ) بەخشی ؟ ئەوەی لە یەك دوو مانگی رابردوودا ، وردتر لە یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی وردبێتەوە ، خالی زۆر دیاری بۆ دەردەکەوێت کە ئاماژەن بەوەی ( ی.ن.ك ) لە تەنگژەیەکی گەورەدایە . ئەو تەنگژە گەورەیە بە چەند رووپەك خۆی دەردەخات . لە ئاست پرسە نەتەوەییەکاندا ، یەکێتی گیری بەدەست نەبوونی هێلێکی روون و دیاری سەرکردایەتیەکەیەوە خواردووە ، ئەوەتا کە تالەبانی دەچێتە ئەنقەرە لە بری ئەوەی پێ لەسەر کوردستانیەتی کەرکوك دابگرێ ، دەچێ داوا دەکات وەفدی ( تقصی الحقائق ) لە میت و دەزگا ئەمنیەکانی تورکیا پێکبهێنرێ و سەردانی کەرکوك بکەن ، هەموو دۆست و لایەنگرێکی یەکێتی ، تووشی ئیحراجی گەورە و شۆکێکی دەروونی هاتن ، کە بینیان تالەبانی سکرتێریان ، لە کۆیەی رەنگین ، نەك هەر 400 پارچە زەوی دەداتە جەبهەی تورکمانی ، بەلکو دەستی گلاوی ( صەنعان قەسابیش ) ماچ دەکات . لە ئەنجامی هەموو ئەوانەش ئەوەی بەلای خودی خەلکی یەکێتی و خەلکی کوردستانەوە سەیرە ، ئەوەیە کە لە بری ئەوەی بالی ( م.س ) یەکێتی واتە ( بالی نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت رەسول و عومەری سەید عەلی ) لەسەر ئەم هەلە سیاسی و نەتەوەییانە راوەستن و رەخنە لە تالەبانی بگرن ، دەچن بە گوێرەی ئەو یاداشتەی کە بۆ تالەبانیان نووسیوە و لە رۆژنامەی ( هەوال )دا بلاوکرایەوە ، رەخنە لە دەسەلاتی تاکرەوی و دیارنەمانی دارایی یەکێتی دەگرن و سکرتێری گشتی یەکێتی واتە ، تالەبانی پێ تاوانبار دەکەن . بۆیە ، مرۆڤی وردبین ، بەسەرنجی خێرا بۆی دەردەکەوێ کە یەکێتی بەم پاشخانەیەوە بۆچی لە هەلبژاردنەکان دەترسێ؟ .

یەکێتی نەیتوانی قەناعەت بە خەلکی کوردستان بهێنێ کە خوازیار و پشتیوانی دیموکراسیەتە ، چونکە یەکێتی لە دوو رووەوە دژی دیموکراسیەت بەگشتی و هەلبژاردنە بە تایبەتی . لە رووی یەکەم ، مەبەست ژیانی دەروون حیزبی و یەکێتی خۆیەتی . یەکێتی لە 1975 تا ئێستا کە دەکاتە 29 سال تەنها دوو کۆنگرەی بەستووە ، لە هەردوو کۆنگرە سەرانی تەکەتولی ناوخۆی ینك لە لایەن تالەبانی و یەکێتی خۆیەوە بە تەزکیە و چەپلە !! دەرچوون بۆ سەرکردایەتی نەك بە هەلبژاردن . یەکێتی تا ئێستا نەیتوانیوە نەریتی دیموکراسی لەناو خودی خۆیدا پیادە بکات ، ئیتر چۆن دەتوانێ لەناو کۆمەلگادا پیادەی بکات . کە یەکێتی بۆ یەکەم جار لە 1992 دێتە ناو هەلبژاردنی گشتی و لە ئاست پارتیدا دەیدۆرێنێ ، هەرەشەی شەری ناوخۆ دەکات و پاشان بە رێککەوتن ، لەسەر ( 50 بە 50 ) رازی دەبێت ،

یەکێتی ئیسپاتی کردووە ، کە ئەگەر بزانێ دەردەچێ ، ئینجا دەچێتە هەڵبژاردن ، ئەگەر سور بە سور بزانێ دەیدۆڕێنێ ، یان ناچێتە هەلبژاردن ، یان کەچوو ئەوا لە نیوەی ڕێگادا بەبیانووی جۆراوجۆر خۆی دەکێشێتەوە . یەکێتی تا ئێستا بە دەست گریێ ( خۆ بەهەموو شت زانین ) دەناڵێنێ ، بۆیە هەرکە هەست بکات ، لە کردەیەکی دیموکراسی و لە هەلبژاردندا نایباتەوە و دەیدۆڕێنێ ، ئیدی نەك هەر بەشدار نابێ بەڵکو لە نیوەی پرۆسەکەدا دەکشێتەوە و هەزار و یەك توانج ئاراستەی ئەو کردە دیموکراسیە دەکات . نموونەی لەم بابەتەش زۆرن ، هەر لە ماوەی یەك دوو مانگی رابردوودا ، چەندین نموونەی زەق هەن کە راستی ئەو هەڵوێستانەی ینك دەردەخات . نموونەی هەڵبژرادنی ناحیەی سەرگەران ، کە تیایدا یەکێتی تووشی شکستی گەورە هات ، بەوەی کە جەماوەری ناوچەکە لە بری پالێوراوانی یەکێتی ، دەنگیان بە پالێوراوانی پارتیدا ، بەڵام پێش ئەوەی تەواوی سندوقەکانی دەنگدان ، دەنگەکانی جیابکرێتەوە ، یەکێتی خۆی دەکێشێتەوە و بەرپرسی کومیتەی یەکێتی بە ئاشکرا دەلێت ، لە ناوچەیەکی وەك سەرگەران کە بە سەدان شەهیدمان هەبێت قبول ناکەین بدۆڕێین . ئەگەر هەستی نەتەوەیی و دیموکراتی لای بەرپرسانی یەکێتی لە هەستی تەسکی حیزبی بە هێزتر بووایە ، ئەوا دەبوایە پرۆسەی دیموکراتی و هەلبژاردنی سەرگەران و ( 38 ) گوندی دەوروبەریان قبول بووایە، چونکە ناوچەیەکی گرنگە و بۆ کورد و خەلکی کوردستان دەستکەوتی گرنگ بوو، چونکە ناوچەیەك بوو دەیان سال تەعریب کرابوو. یەکێتی ، لەبەر ئەوەی لە هەلبژاردنی گشتی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان پوستی نەقیب و ( 10 ) ئەندامی لیژنەی بالای دۆراند دەیگوت هەلبژاردنەکە دیموکراسی نەبووە ، بەلام کە لە هەلبژاردنی پارێزەرانی لقی هەولێر بردوویەتیەوە بە سەرکەوتن و پرۆسەی دیموکراسی دەزانێ ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر دوو هەلبژاردنەکە لە هەولێر کراوە !! کەواتە مرۆڤ دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە مەرجی دیموکراسی بوون و پاکێتی هەر هەلبژاردنێك بەلای یەکێتی و سەرکردایەتیەکەیەوە بردنەوەی یەکێتیە ، مەرجی نادیموکراسی بوون و ناپاکی هەر هەلبژاردنێکیش دوراندنی یەکێتیە . یەکێتی پێش ئەوەی مەسەلەی یەك لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی یەکلایی بێتەوە زۆر بانگەشەی بۆ یەك لیستی دەکرد ، ئەمەش بە ئەزموون و بەلگەوە دیارە کە یەکێتی ئەو بانگەشەیەی لە خەمی گەورەی خەلك و ئایندەی سیاسی نەبوو ، بەلکو لە خەمی دۆڕاندنی خۆی و نەبردنەوەی بوو لە ئاستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا . لە هەر کەسێکی ئاسایی بپرسیت ، زۆر بە روونی هەمان هەلوێستت پێ دەلێ. جەماوەر و رێکخستنەکانی یەکێتی ، ئەو راستیە حاشا هەلنەگرەیان زۆر بە روونی لا بوو ، کە بەو تەکەتولاتی ناوخوییەی یەکێتی و هەلوێستە چەوتەکانی سەرکردایەتی و ململانێ لە سەر پارە و دەسەلات , دەست بە ئاسمانیشەوە بگرن لە پارتی نابەنەوە ، بۆیە یەکێتیەکان زیاتر یەك لیستیان پێ خوشترە چونکە هیچ نەبێ جارێکی دیکە تامی تالی دوراندنیان لەسەر دەستی پارتیەکان نەبینی . ئەوەی وا دەکات کە بلێین یەکێتی لە هەلبژاردن دەترسێت ئەوەیە لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا هەزاران ئەندام و پێشمەرگە و سەدان کادری سەربازی و حیزبی, یان وازیان لە یەکێتی هێنا یان چوونە ناو پارتیەوە ، ئەوەش یەکێتی هێندەی دیکە ئەو قەناعەتەی لا توکمە بوو کە یەکێتی مەحالە لە پارتی بباتەوە. خالی دیکە و نموونەی دیکەهەیە ، لەوانە یەیکتی بەشداری لە کونگرەی مافپەروەران نەکرد ، چونکە دەیزانی هێندەی یەکگرتوو ,دەنگ ناهێنی و دەیزانی کە جەماوەری پارتی لەناو مافپەروەراندا سەد بەرامبەری یەکێتیە ، کە یەکێتی دۆراندنی پالێوراوەکانی لە هەلبژاردنەکانی بنکەی لالشی برا یەزیدیەکان و لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەرامبەر سەرکەوتنی پالێوراوانی پارتێدا بینی ، هێندەی دیکە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هەلبژاردنی گشتی هەرگیز نەك بە قازانجی پالێوراوانی یەکێتی ناشکێتەوە ، بەلکو دۆراندنی یەکێتی لە بەرامبەر پارتیدا حەتمیە ، یەکێتی تەنانەت نەیهێلا کۆمەلەی خوێنکارانەکەی بەشداری هەلبژاردنی سەرتاسەری قوتابیان بکات ، ئەوەش هێندەی دیکە ئەو راستیە دسەلمێنێت کە یەکێتی هەرگێز رازی نیە

کەس قەبارەی حەقیقی بزانی و هەمیشە ئیدیعای ئەوە دەکات زۆرینەیە ، هەلبژاردنی خوێندکاران و قوتابیان ئەزمونێکە بەهەموو کەم کوریەکانەوە دەبێتە مایەی چەسپاندنی ئاسۆ و بنەماکانی دیموکراسیەت لەناو توێژی قوتابیان و لەوێشەوە نەریتێکی باشە بۆ فراوانکردنی مەوداکانی دیموکراسیەت لەناو جەماوەردا ، بەلام کە یەکێتی هەستی کرد بردنەوەی خوێندکارانی خۆی لە قوتابیانی پارتی مەحالە، رێگەی بە کۆمەلەی خوێندکاران نەدا کە بەشداری هەلبژاردنەکانی قوتابیان بکات ، لەم نێوەندەشدا یەکگرتووی قوتابیان وەك تەیارێکی ئیسلامی ناو قوتابیان ، بۆ دەرنەکەوتنی رێژەی راستیخۆی سوودی لەو هەلە وەرگرت و ئەویش رایگەیاند کە بەشداری لە هەلبژاردنی سەرتاسەری ناکات چونکە سالانی پێشتر غیابی قوتابیانی پارتی لای ناوچەکانی یەکێتی و لە غیابی خوێندکارانی یەکێتی لای ناوچەکانی پارتی ، یەکگرتوو تەراتێنی دەکرد و دەنگی لایەنگرانی هەردوو لای مسۆگەر دەکرد و رێژەیەکی زۆر زیاد لە حەجمی ئەساسی خۆی پێدەبرا ، یەکێتی و یەکگرتوو ، هەموو هەولێکیان دا تا هیچ هەلبژاردنێکی سەرتاسەری ، پێش هەلبژاردنی گشتی نەکرێت ، تاکو رێژەی حەقیقی خۆیان دەرنەکەوێت ، ئەرکی هەموو دیموکراتخواز و مەدەنیەت دۆستێکە کە بەوردی هەموو جموجول و گوشارێك بۆ سەر یەکێتی دروست بکات کە لە هەلبژاردن دوراندن و بردنەوە هەیە ، مەرج نیە بەنیەتی بردنەوە ، قبول بکەی بچیتە ناو هەلبژاردن، و دەبێ یەکێتی فێر ببێ کە ئەگەر هێزێك خۆی بە دلسۆز بۆ کورد و کوردستان بزانێت و ئەگەر لە هەلبژاردن بێدۆرێنێت ، ئەوا ( یوم القیامە ) نیە و دەرفەتی دیکە دەبێت و دەبێت خۆی لە عقدەی ( دەسەلات ) رزگار بکات ، چونکە بەو ئاراستەیە بێت و بەو تەکەتولاتی ناوخۆییە بێت ، ئاسۆی ئایندەی یەکێتی رۆشن نابێت ، لێرەدا تەنها ئەوە دووپات دەکەمەوە کە یەکێتی لەبەر ئەوە لە هەلبژاردن دەترسێ ، چونکە دلنیایە لە ئاست خەلکیدا ناتوانێت متمانە بەدەست بێنێت .